# دانی ئیقامە بە MUF ەکان دەبێت هەنگاوەکانمان توندتر بکاتەوە!

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی شارەوانیەکان و بەڕێوبەرایەتی کوچ ڕۆژی 2005/06/27 بڕیاری دانی ئیقامەی کار وەك کرێکاری بیانی بۆ ئەو کۆمەڵە کوردە عێراقی یە دەرچوو کە زیاتر لە 6 ساڵە لە دڵەڕاوکێ و ترسی دیپۆرتکردنەوەدا ژیان بەسەر دەبەن و هەر ڕۆژە بەرەو رووی بڕیارێکی نائینسانی دولەتی نەرویج دەبوونەوە. جگە لە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لەم پەنابەرانەو خێزانەکانیان دەمانەوێت ڕۆشنایی بخەینە سەر چەند خاڵێك:

1. ئەم ئیقامانە بە هەوڵ و کۆششی ئێوەو بە ڕابەرایەتی ڕێکخراوەکەتان "ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج" و چەندین ڕێکخراوی ئینسان دۆستی نەرویجی بەدەست هاتووەو لە بەرامبەر ڕاوەستاوەیی و ڕیزی یەکپارچەی خۆتاندا دەوڵەت ناچار بە دانی ئەم بڕیارە بووە. ئەمە لانی کەمی پێشنیارێك بوو کە ئێمە وەك ڕێکخراو هەم بە وەزیری شارەوانیەکان"ئارنا سولبەرگ" و هەم بە بەڕیوەبەرایەتی کارمان دابوو لە چەندساڵ بەر لە ئێستاوە.

2. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بریارە کەمێك باری گوزەرانتان باشتر دەکات و لە دڵەڕاوکێی دیپۆرتکردنەوە ڕزگارتان دەکات، بەڵام دەبێت ئەوەشتان لەبیرنەچێت کە ئەمە پێشێلکاریەکی ئاشکرای دەوڵەتی نەرویجە بە ماڤ پەنابەریەك کە ئێوە لە 6 ساڵ بەر لەئێستاوە داواتان کردووەو بڕگەکانی ئەم بڕیارە ئێوە وەك کۆیلەیەك لە بازاڕی بێ ڕەحمی کاری نەرویجیدا تا 3 ساڵ دەهێڵێتەوە.

3. ئەم بڕیارە نابێت ڕیزی یەکپارچەی چەندین ساڵەمان بە هیچ شێوەیەك شەق بکات، چونکە تا ئێستا چەندین هەزار کوردو عێراقی تر لەم دوڵەتەدا دەژین و بە بیانووی ئامن بوونی عێراق و کوردستان و نەمانی صدام حسێنی دکتاتۆر ڕەفزیان هەیەو دەوڵەت چاوەڕێی فرسەتێك دەکات بۆ دیپۆرتکردنەوەیان بۆ عێراق. بەدەستهێنانی ئەم ئیقامانە دەبێت ووزەو توانامان بداتێت بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە ئەم مافەش بۆ ئەوان دەستەبەربکەین.

4. ئەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە ئەم بڕیارە بە ئاشکرا کۆمەڵێك لەم MUF انەش دەخاتە بەر هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوەوە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە کاریان نەبووە پێشتر، وە یان لەوانەیە نەتوانن کارێك بەدەستبهێنن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئیقامەیە بە جۆرێکە کە ئەم ئینسانانە دەبێت وەك ماشێنێك 3 ساڵ بەبێ وەستان کاربکەن تا بتوانن وەك ئینسانی ئاسایی مافیان هەبێت و ژیان بکەن وە باری تەندروستی و نەخۆشی بۆ ئەم ئینسانانە لە بەرچاو نەگیراوەو ئەگەر ئەم مەرجەیان تێدا نەمێنێت ئیپقامەکانیان لێ وەردەگرنەوە.

بۆیە تەنها ڕێگایەك کە لەبەردەممانداية یەکگرتوویی و لەمەیداندابوونمانە تا هەموو مافەکانمان بەدەستدەهێنین.

شایانی وتنە کە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی کامل احمد، سکرتێری ڕێکخراو، لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەر لە بەشی عێراق GEORGE FARNERS ئەو بە ڕێکخراوی ڕاگەیاند کە ئەوان خەریکی تەرجومە کردنی ئەم بڕیارەن بە کوردی/ سۆرانی، بۆیە ئێمە بە پێویستمان نەزانی کە تەرجومەی بکەین و لەکاتێکدا بە دەستمان گەیشت بڵاوی دەکەینەوە.

سەرکەوتووبێت خەبات و ناڕەزایەتی پەنابەران بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان

بۆ هەر زانیاریەکی تر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە :
کامل احمد 91114116 یان شیروان ابراهیم 47292309 یان ikafn@yahoo.com

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج

2005/06/28